# شوناسی نەتەوەیی لە کۆمەڵگەی ڕاگوزەردا

## (هەرێمی کوردستان بە نموونە)

م.ی. خدیجه رحمان سعدی
Burhan.mahmud@univsul.edu.iq
دەستەی مافی مرۆڤ

م. بورهان عمر محمود
Kalsumrahman5@gmail.com
زانکۆی سلێمانی

ڕەزامەندی وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٤/١   ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥/٤/١٠

**پوختەی توێژینەوە:**

شوناس پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە تێگەیشتنی خەڵکەوە هەیە کە "کێن" و "چین" و چ شتێکیان بۆ گرنگە. ئەم تێگەیشتنەش، گرێدراوی کۆمەڵێک سیفات و تایبەتمەندییە، کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە کەسێک لە کەسێکی تر، نەتەوەیەک لە نەتەوەیەکی تر جیاواز بێت. چەمکی شوناسی نەتەوەیی، دیاردەیەکی تازادەیەک نوێیە لەزانستی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دروستبوونی دەوڵەت-نەتەوە لە ڕێکەوتی (وێستفالیا Westphalia)، لە ساڵی (١٦٤٨)دا. تا پێش ئەم ڕووداوە مێژووییە، شوناسە سیاسییەکان بەزۆری لە چوارچێوە و بازنەی خێڵ و ناوچە و مەزهەب و لە ئاستێکی گشتی تریشدا، لەژێر ناوی ئیمپراتۆرییەت پێناسە و باس دەکران. هەندێک لە توێژینەوەکانی کوردناسیی (کوردۆلۆجیا)، ئاماژە بەوە دەکەن کە کۆمەڵگەی کوردی لە قۆناغێکی ڕاگوزەردایە. بۆ هەر توێژەرێکی کۆمەڵناسیش، ئەگەر بە وردی سەرنج لە پێکهاتە و جوڵە و ڕەوشی کۆمەڵایەتی ئێستای کۆمەڵگەی کوردی بدات، هەندێک لە نیشانەکانی ئەو ڕاگوزەرییەی بۆ دەردەکەوێت. بۆ نموونە، لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١)ەوە، هەرێمی کوردستان بە دوو دۆخ چووتە قۆناغی ڕاگوزەرییەوە. یەکەمیان، دۆخی (دیفاکتۆ-أمر واقع)ە، کە لە ساڵی (١٩٩١)ەوە تا ساڵی (٢٠٠٣)یی خایاندووە. دۆخی دووەم، (دۆخی دەستووریی)ە، کە لە ساڵی (٢٠٠٣)ەوە لە ناو دەوڵەتی عێراق تا ئێستاش بەردەوامە.

هەر لەبەر ئەوەیە، ئەم توێژینەوەیە سەرنجی لەسەر ئەم پرسە گرنگەیە، شوناسی نەتەوەیی لە کۆمەڵگەی ڕاگوزەردا. پرسی نەتەوە و شوناس، پرسی هەستیار و گرنگی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەتی کۆمەڵگە ڕاگوزەرەکانن و کۆلۆنیالزمەکراوەکان. لەم توێژینەوەیەدا، تیشک دەخەینە سەر پرسی نەتەوەی کۆلۆنیالیزمکراو بە نموونە کۆمەڵگەی کوردی. بۆیە، لە ڕێگای تیۆری کۆمەڵناسی و سیاسی، دەمانەوێت باس لە نەتەوە بێ دەوڵەتەکان بکەین، چەندین ڕێگا و میکانیزمی جیاواز هەن، بۆ ئەوەی ئەم نەتەوانە پرسی نەتەوەیی خۆیان بە نێودەڵەتیی بکەن، بە تایبەتی کە لە ئێستادا لە سەردەمی تەکنەلۆجیا و زیرەکی دەستکرداین.

**وشە کلیلەکان:** نەتەوە، شوناسی نەتەوەیی، ناسیۆنالیزم، کۆمەڵگەی ڕاگوزەر، نەتەوەی بێ دەوڵەت

sjh@univsul.edu.iq

**پێشەکی**

شوناسی نەتەوەیی ئامرازێکە، کە بەهۆیەوە کولتوور لە رێگەی ئەم چەمکە سنووردارانەی "بوون"ەوە پێناسە دەکرێت. بوون بەستراوەتەوە بە "سەربەخۆبوون" لە چەمکەکانی هاوولاتیبووندا. ئەو جیهانەی ئەمرۆ تێیدا دەژین، پڕە لە گۆڕانکاری و قۆناغی گواستنەوە و ڕاگوزەر. هەروەها، لە گەشەکردنی هەموو لایەنەکانی ژیاندا تا ڕادەی جیاواز، هەموو کۆمەڵگەکان ڕووبەڕووی جۆرێک لە گواستنەوە دەبنەوە، یان کتوپڕ، یاخود وردە وردە. لە کۆمەڵگە ڕاگوزەرەکان، گۆڕانکارییەکان گرنگ و بنەڕەتین و نزیکەی هەموو لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوە؛ لەوانەش ڕەهەندە کۆمەڵایەتی، کولتووری، سیاسی و ئابوورییەکان.

بەم شێوەیە، کۆمەڵگە ڕاگوزەرەکان دەرفەت بۆ دووبارە خەیاڵکردنەوەی ڕەهەندە کەسییەکان و ڕەهەندە جیاوازەکانی نێوان کەسەکانیش دروست دەکەن. وەڵامی پرسیاری "من کێم؟" بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر ئاڵۆزە. لە کاتێکدا هاوسەنگکردنی یەکسانی و جیاوازی، گەڕان و پابەندبوون بە شوناسێکەوە، پرۆسەیەکی تەواوی ژیانە بۆ تێکەڵکردنی لایەنەکانی ڕابوردوو، ئێستا و داهاتوو. جگە لەمەش، دەتوانرێت ناسنامەی مرۆڤ بە چەندین جۆری "ناونیشان" (بۆ نموونە، جێندەر، ڕەگەز و ڕۆحانییەت) وەسف بکرێت. جگە لەوەی، کە لایەنە جیاوازەکانی مرۆڤ لە ساتەوەختە جیاوازەکانی کاتدا دیار دەبن. لە نێوان ئەم لایەنە جیاوازانەدا، بێگومان پەیوەندی و هاوئاهەنگی هەیە.

جگە لەوەش، لە کاتێکدا کە پێکهاتنی ناسنامەی مرۆڤ پرۆسەیەکی قووڵی کەسییە (بە لەبەرچاوگرتنی لایەنە بایۆلۆجییەکان، تایبەتمەندییە تاکەکەسییەکان، تەوانا مەعریفییەکان و بڕیارە دەستە جەمعییەکان)، هەروەها بە هۆی هۆکارە دەرەکییەکانیشەوە (وەک داینامیکی خێزان، ژینگە کۆمەڵایەتییەکان، چوارچێوە سیاسییەکان و ڕووداوە مێژووییەکان) لە قاڵب دەدرێت. گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان کە بەهۆی فرە کولتووری و کولتووری جیهانی و ئابوورییە جیهانییەکانەوە دەجووڵێن، گرنگییان هەیە بۆ خودی هەستی تاکەکان، یان شوناسیان، لەم چوارچێوەی داینامیکی گۆڕانکارییەدا، پێدەچێت تاکەکان دەست بکەن بە پرۆسەی ئاڵۆزی گەڕان و پەرەپێدان و پابەندبوون بەوەی کە کێن، دەیانەوێت ببن بە کێ و شوێنی خۆیان لە جیهاندا بگرن. بەکورتی، ئەم توێژینەوەیە سەرنجی لەسەر تەوەرەکانی نەتەوە و شوناس، هەروەها ناسیۆنالیزم و نەتەوەی بێ دەوڵەتە، پاشان پرسی نەتەوەسازی.

**بەشی یەکەم/ لایەنی تیۆری**

**باسی یەکەم/ ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە**

**یەکەم/ کێشەی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە، لەسەر پرسێکی گرنگ و هەستیار تایبەت بەو نەتەوانەی کەوا نەتەوەی بێ دەوڵەتن کار دەکات، کە هەرێمی کوردستان نموونەی ئەم توێژینەوەیە. پرسی ئەم نەتەوانەی کەوا کۆمەڵگەکەی لە قۆناغی ڕاگوزەریدایە، پرسی توێژینەوەکەی ئێمەش پرسی شوناسە لە کۆمەڵگەی ڕاگوزەردا، هەرێمی کوردستان نموونەی توێژینەوەکەیە. بۆ ئەم مەبەستە، بە میتۆدی بەراوردکاری و مێژوویی کار لەسەر توێژینەوەکە دەکرێت. ئەم توێژینەوەیە، هەروەها بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارانەشدا دەگەڕێت، ئایا شوناس چییە؟ ناسیۆنالیزمی کوردیی لە چ قۆناغێکدایە؟ ئایا ئەو شوناسەی کە پێشتر ڕەوایەتی هەبوو لە قەیراندایە؟

**دووەم/ گرنگی توێژینەوەکە:** گرنگی ئەم توێژینەوە لە کاتێکدایە، کە کورد وەک نەتەوەیەکی گەورە بەهۆی بارودۆخە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان بێ دەوڵەت ماوەتەوە. لە لایەکی تر، پرسی شوناسی نەتەوەیی پرسێکی هەستیارە و هێشتا وەک

sjh@univsul.edu.iq

پێویست قسە و باسی لێوە نەکراوە. بۆیە، ئەم توێژینەوە بۆ توێژەران و خوێنەران، دەبێتە دەستپێکێکی نوێ بۆ خوێندنەوەی ئەو واقیعەی کە ئێستا نەتەوەی کوردیی تێدا دەژی، هەروەها چاوێک بە گرنگی ناسیۆنالیزم و شوناسی نەتەوەییدا دەخشێنێت و گرنگی و ڕۆڵی ناسیۆنالیزم لە کۆمەڵگەی ڕاگوزەری کوردیدا دەخاتە بەردەم خوێنەران.

**سێیەم/ ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

١. تێگەیشتن لە پرسی شوناسی نەتەوەیی لە کۆمەڵگەی ڕاگوزەردا.

٢. بۆ زانین و تێگەیشتن لە ڕۆڵی بزووتنەوە کوردییەکان لە بونیادنانی شوناسی نەتەوەیی.

٣. بونیادنانەوەی شوناسی نەتەوەیی لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١.

**باسی دووەم/ چەمکە سەرەکییەکان و تیۆری بەکارهاتووی توێژینەوەکە**

**١.٢. چەمکی نەتەوە**

باریت و دەیڤس (٢٠٠٨)، چەمکی "نەتەوە" وەک کۆمەڵگەیەکی مرۆیی ناودار پێناسە دەکەن، کە زێدی مێژوویی خۆی داگیر دەکات، مێژوویەکی هاوبەشیان هەیە، کولتوورێکی گشتی جەماوەری هاوبەشییان هەیە، ئەفسانە و ڕەچەڵەکی هاوبەش، هێما و نەریت و داب و نەریتی هاوبەشییان هەیە و هەروەها ئاگایی خۆیان وەک نەتەوەیەک نیشان دەدەن (Barrett & Davis, 2008: 72-110). بەگشتی، گەلان زمان و ئابووری و سیستمی دادوەری هاوبەشیشیان هەیە (Barrett, 1996: 349-369). نەتەوە، "کۆمەڵگەیەکی خەیاڵییە،" واتە یەکگرتوویی نەتەوە لەسەر بنەمای پەیوەندیی کەسیی ڕاستەوخۆی نێوان ئەندامەکانی نییە؛ بەڵکوو نەتەوە لەسەر بنەمای هەستێکی بابەتیی ناسنامەی هاوبەش و هەستکردن بە سەربەخۆیی دامەزراوە (Anderson, 2006: 87).

نەتەوە لە ڕووی چەمکییەوە، لە دوو گرووپی کۆمەڵایەتی گەورەی دیکە نزیکە، هەرچەندە جیاوازە لە دوو گرووپی کۆمەڵایەتیی گەورەی دیکە: ئێتنۆس (گرووپی نەتەوەیی) و دەوڵەت. نەتەوەکان وەک گەلان زمانێکی هاوبەشیان هەیە، ئەفسانەیەک لە ڕەچەڵەک و هێما و نەریت و داب و نەریتی هاوبەش؛ بەڵام بەزۆری گرووپە نەتەوەییەکان خاکێکی هاوبەش، ئابووری هاوبەش، سیستمی پەیوەندییە جەماوەرییەکان و یاسادانانیان نییە (Barrett, 2005: 181-220). دەستەواژەی "دەوڵەت،" بۆ ئاماژەدان بە قەوارەیەکی سیاسی سەروەر بەکاردێت، کە حکومەتێک کۆمەڵێک دامەزراوە بەکاردەهێنێت بۆ مومارەسەی کارگێڕی بەسەر خاکێکدا، کە سنوورەکانی بە ڕوونی دیاریکردووە و حوکمڕانی ئەو حکومەتە بە یاسا سزا بەکاردەهێنێت. هەروەها، ئەو حکومەتە توانای ئەوەی هەیە بە زۆر سیاسەتە کارگێڕییەکانی خۆی بپارێزێت (Giddence, 1987: 76).

بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە، جیاوازیکردن لە نێوان گەلانی بێ دەوڵەت (بۆ نموونە، کیوبیکۆس، سکۆتلەندا و باسک)، دەوڵەتە نەتەوەییەکان (بۆ نموونە، ئەڵمانیا و ژاپۆن)، هەروەها دەوڵەتە فرەنەتەوەییەکان (بۆ نموونە، کەنەدا، بەریتانیا و ئیسپانیا) دەکات (Barrett et al. 2004:159).

زۆرێک لە گەلانی بێ دەوڵەت، لە ڕاستیدا لە قۆناغێکی مێژووی خۆیاندا دەوڵەتێکیان هەبووە، بەڵام لەدەستیانداوە و بوونەتە بەشێک لە نەتەوەیەکی گەورەتر. زۆربەی دەوڵەتەکانی جیهان فرە ئێتنین، بەڵام فرەنەتەوەیی نین. ژمارەیەکی زۆر لە گرووپە ئێتنیکییەکان لە خاکەکەیاندا دەژین؛ بەڵام سنووری نیشتمانی جوگرافی و تایبەتمەندی گرنگی دیکەی گەلانیان نییە.

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

هەندێک لە نەتەوەکانی وڵاتانی جیاواز لە جیهاندا خەباتیان کردووە، بۆ ئەوەی وەک نەتەوە بناسرێن. بۆ نموونە، نەتەوە ڕەسەنەکانی ئەمەریکا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا؛ فەلەستینییەکانی ناو ئیسرائیل؛ کورد لە عێراق و ئێران و تورکیا.

ڕیشەی بیرکردنەوە و لێکۆڵینەوە دەربارەی نەتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی (١٨)، کە وەك ئایدیۆلۆژیا و بزووتنەوەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی وەسف دەکرا. دواتریش، لە نێوان ساڵەکانی (١٩١٨) بۆ (١٩٤٥)، یان ساڵەکانی (١٩٤٥) بۆ (١٩٨٩) تیۆرڤانی ناودار بەشدارییان لە بەرهەمهێنانی ڕاڤەی پرسی نەتەوە کردووە. لە ساڵی (١٩٨٩)وە تا ئێستا، ئەم سەردەمە گفتوگۆ و دیالێکتیك (جدل) دەربارەی نەتەوە تێپەڕێندراون. کەچی هەندێك پێیان وایە، پرسی نەتەوە لەگەڵ مۆدێرنە بەو واتایەی بەرهەمی سەرمایەداری، پیشەسازی، بە شارستانیبوون، سێکۆلاریزم و سەرهەڵدانی دەوڵەتی بێرۆکراسی مۆدێرنە سەری هەڵداوە. واتە پێش مۆدێرنە گەل و نەتەوە پێگەیەکیان نەبووە (أوموت أوكيريملي، 2013، 137-138).

پرسی نەتەوە پەیوەستە بە چارەنووس و ماف و ئازادای و سەربەخۆیی مرۆڤەوە. بۆیە، کەم پێنتی ژیان هەیە گرێدراوی نەتەوە نەبێت. لە ڕاستیدا، تا ئەم سەردەمەش چەمکی (Nation) ناڕوونییەکی پێوە دیارە، هەندێکجار لە بەرانبەر گەل دەخرێتە ڕوو، جاری واش هەیە دەبرێتەوە سەر ئێتنیك (Ethnic). فەرهەنگی زمانی ئینگلیزی لە ساڵی (١٩٠٨)، نەتەوە بە یەکێتی ئێتنیکی دەناسێنێ. لەم سەردەمەشدا، ڕەهەندێکی سیاسی بە خۆوە گرتووە و وەك یەکەیەکی سیاسی سەربەخۆ ئاماژەی پێدەکرێ. واتای بنەڕەتی گەل (Nation)، کە زۆر بەر بڵاوە و لە لایەنی سیاسییەوە هاو واتای وشەی The (People) لەسەر شێوازی شۆڕشی ئەمەریکی و فەڕەنسی، وەك دەوڵەتی گەل (The Nation Sate)، یان نەتەوە یەکگرتووەکان (The United Nations) بەکاردێت. لە گووتاری کۆنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و بۆ خۆ دوورگرتن لە ناوەندێتی چەمکی (Nation)، واتا  بۆ ئەوەی گوزارشت نەبێت لە نەتەوەیەك، یان ویلایەتێکی دیاریکراو، وشەی خەڵك (The People)، یەکێتی (The union)، کۆنفیدراسیۆن (The confederation)، یەکبوونی خاك ( The common land)، جەماوەر (The public)، بەرژەوەندی گشتی (The public welfare)، یان کۆمەڵگە ( The community) بەکار دەبرا. لەسەردەمی شۆڕشەکان، وەك چەمکی گەل سەیر دەکرا. لە لایەنی سیاسییەوە، گەل واتای کۆمەڵێکی هاوڵاتییان کە سەروەری بە کۆمەڵییان پێکهێناوە (إي جية هوبزبوم، 2013، 24).

بە هۆی ئەم بۆچۆنە جیاوازانە سەعید سەیدی پێی وایە، ئەم پرسە کە گرێدراوە بە دەوڵەت- نەتەوەی مۆدێرن، لەچوارچێوەیەکی جوگرافیایی دا دەناسرێ و پێناسە دەکرێت. واتە، شوناسی نەتەوەیی لەدەوڵەت – نەتەوەیەکدا، پەیوەندییەکی قایم و توندوتۆڵی لەگەڵ نیشتیمان و هەستی پەیوەندی لەگەڵ نیشتماندا هەیە. ڕەنگە عەرەبەکان، دەوڵەتی عێراق وەک ئەم دیاردە نوێیە سەیر بکەن. ئایا پەیوەندی ئەم دەوڵەتە لەگەڵ شوناسی نەتەوەیی کورد لەباشووردا چۆن بووە؟ عەرەبە هاوردەکان بۆ باشووری کوردستان، نە کوردستان دەبێت بە نیشتیمانیان و نە ئەوانیش هەستی نیشتمانییان لا دروست دەبێت بۆ ئەو شوێنەی کە لێی دەژین. ئەوەی کە ئەوان بەهێزی دەسەڵاتی ناوەند، بەرژەوەندی و قازانجیان لەو ناوچەیە دابین دەبێت، نە دەسەڵاتەکەیان لای کورد دەکات بە دەسەڵاتێکی نەتەوەیی و نە دەتوانن شوناسی نەتەوەیی خۆیشیان زاڵ بکەن. ئەوان لە هەندێک برگەی مێژوویدا، بە ڕێگای جۆراوجۆر لە دژی کورد وەستاونەتەوە، نەک لەبەر مەترسیدابوونی شوناس و شوناسی نەتەوەییان، بەڵکووو بۆ پاراستنی هەژموونی شوناسی نەتەوەییان بەسەر نەتەوەیەکی تردا و لەسەر خاکەکەی خۆی (سەعید، ٢٠١٩: ٤٣).

sjh@univsul.edu.iq

بۆیە، گەلێك جار نەتەوە و دەوڵەتی مۆدێرن بەیەكەوە دەبەسترێتەوە. وا مەزەندە دەكرێ، بێ هەبوونی دەوڵەتی مۆدێرن، نەتەوە هێزی سەلماندنی خۆی نەبێت، بۆیە مەرج نییە هەردەم نەتەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتی مۆدێرن بناسرێ، واتا ئەگەر نەتەوە گوزارشت بێت لە دەوڵەت. مانۆیل كاستێلس ئاماژە بۆ چەند گەل و نەتەوەیەك دەكات، كە نەیانتوانیوە لە چوارچێوەی دەوڵەتی مۆدێرندا خۆیان ڕێكبخەن، لەوانە (سكۆتلەندا، كەتەلۆنیا، كویبك، كوردستان، فەلەستین)، كەچی شوناسی كولتووریی بەهێزیان نیشانی جیهان داوە، هەندێك لەوانە چەندین سەدەیە پارێزگاری لەو شوناسە دەكەن (كاستێلس، 2007، 45-47). لە هەندێ باردا، دەوڵەتی بەهێزیش ناتوانێ نەتەوە لە بۆتەی خۆیدا بتوێنێتەوە، كاستێلس نموونەی دارمانی یەكێتی سۆڤیەت، واتا ئەو نەتەوانەی ڕووبەڕووی دەوڵەت بوونەوە، هەروەها نەتەوەی بێ دەوڵەت، كەتەلۆنیا وەك ئارگیۆمێنت بۆ سەلماندنی تیۆرییەكەی دێنێتەوە.

ئەگەر لەم بارەیەوە وورتر ببینەوە، دەبینن کاتێک نەتەوە لەگەڵ دوژمنێک، یان کارەساتێکی سروشتی بەرەو ڕوو دەبێتەوە، شوناسی نەتەوەیی گرنگی و بایەخی زۆر پەیدا دەکات و هاندەرە بۆ یەکخستن و ڕێکخستنی کۆمەڵگە و بەگشتی دەبێتە هۆکارێک بۆ بەهێزبوونی هەستی نیشتیمانپەروەری. کاتێک باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان کەوتەبەر پەلاماری داعش، شوناسی نەتەوەیی وایکرد کە کوردان لە پارچەکانی دیکەوە برۆنە بەرەکانی شەڕی دژی داعش و چوونی هێزی پێشمەرگەی باشوور بۆ ڕۆژئاوا و بەرگری مێژوویی لە کۆبانی، بەڵگەیەکی پڕ بایەخە لەسیما و مێژووی شوناسی نەتەوەییدا. هەروەها، کاتێک لەساڵی (٢٠١٧)دا بوومەلەرزە لەکرماشانی دا، هیچ ناوچە و پارێزگایەکی ئێران وەک ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهانایانەوە نەچوون و ئەو جیاوازییەش، پەیوەندی بە هەستی هاوپەیوەندی و شوناسی نەتەوەییەوە هەبوو (سەعید، ٢٠١٩: ٣٢).

### ٢.٢. چەمكی شوناس

شوناس، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە تێگەیشتنی خەڵکەوە هەیە، کە "کێن" و " چین" و چ شتێکیان بۆ گرنگە. ئەم تێگەیشتنەش، گرێدراوی کۆمەڵێک سیفات و تایبەتمەندییە، کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە کەسێک لە کەسێکی تر، کۆمەڵێک لە کۆمەڵێکی تر و نەتەوەیەک لە نەتەوەیەکی تر جیاواز بێت. ئەم تایبەتمەندی و سیفاتانە، دەتوانن ماددی، مەعنەویی و دەروونیی بن. بۆ نموونە، ئەگەر ئەمڕۆ لێمان بپرسن کە ئێوە کێن؟ هەرکامان وەڵامێک دەدەینەوە، بەڵام نە وەڵامێکی سادده، بەڵکووو وەڵامێک کە ڕەنگدانەوەی بنەوبنچینە، بیروتێگەیشتن، پەروەردە و کولتوورمانە. بۆنموونە، دەڵێین، من کوردم، من مامۆستام، من پارێزەرم، من جووتیارم، من مرۆڤم و.... ئێستا ئێمە کام وەڵامەیان دەدەینەوە و لە هەل و مەرجی جیاوازدا چۆن وەڵام دەدەینەوە و تەنانەت دەنگ و دەنگەوازیشمان لە وەڵامدانەوەدا چۆنە، هەمووی ئەمانە پەیوەندی بە شوناسی كولتوریمانەوە هەیە (كاستێلس، 2007، 45-47).

سەعید سەیدی (٢٠١٩)، پێی وایە کۆمەڵێک توخم و پێکهێنەر هەن، کە شوناس دروست دەکەن. هەندێ لەو توخمانەی کە شوناس دروست دەکەن بریتین لە (نیشتیمان، زمان، ئەدەب، ئایین، نەریت و یاسا، دەسەڵات)، کە بەگشتی دەکرێ دابەشی سەر دوو کۆمەڵەی بکەین. یەکەم، ئەو توخمانەی کە پەیوەستن بە بیروبیرکردنەوەوە. دووەم، ئەوانەی کە لە ڕۆح و ڕەوانەوە دروست دەبن. ئەو بەشەی کە لەبیرەوە سەرچاوە دەگرێت، وەک باوەڕ و بەهاکان، ڕەمزەکان و نۆرمەکان. ئەو بەشەیش کە لە هەست و دەروونەوە سەرچاوە دەگرێت، وەک هەست و سۆز، خۆشەویستی و ڕق ، حەز و بێ تاقەتی، دڵسۆزی و دەروەستی. ئەمانە بە ئێمە دەڵێن، کە بۆ دروستبوونی شوناس جا لە تاکدا بێت، یان لە کۆمەڵدا، کۆمەڵێک بنەما و توخمی سەرەکی پێویستە، کە دەبێت کۆمەڵ لەسەری ڕێبکەوێت، تا لەقۆناغی دواتردا کۆمەڵەکەی پێبناسرێت.

sjh@univsul.edu.iq

شوناس، هاوکات لێکچوون و جیاوازی لە نێوان تاکەکاندا، یان لەنێوان کۆمەڵەکاندا دروست دەکات. لەڕاستیدا، دەرکەوتنی شوناس لەسەر هەڵدانی دوو سیفەتی لێکچوون و جیاوازی لە نێوان خۆت و ئەوی تردایە. واتە، کاتێک کەسێک دەڵێت من ئەو کەسەم، لەو بنەماڵەیەم، لەو نەتەوەیەم، هاوکات باس لەوەش دەکات، کە من لەگەڵ ئەم و لەگەڵ ئەو و ئەوانی دیکەش جیاوازم. شوناس، جۆرێک ناسینی خۆ، ناسینی کۆمەڵ، کۆمەڵگە، کولتوورو مێژوو دەخاتەڕوو، کە تاکەکان لە پرۆسەی کۆمەڵایەتیبووندا و لە هەڵسوکەوت و پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دیکە، یان کۆمەڵی دیکەدا بە دەستیان هێناوە. واتە، کاتێک کەسێک دەڵێت من ئەو کەسەم و ئەوی تر نیم، لە ڕاستیدا ئەم وەڵامانە ڕەنگدانەوەی هەل و مەرجێکی کۆمەڵایەتییە، کە کەسەکە تێیدا فێری ژیانی کۆمەڵایەتی بووە. شوناس، شتێکی نەگۆڕ و جێگیر نییە، بەڵکوو ئەگەر تاکەکان تۆڕی پەیوەندی و هەڵسوکەوتیان لە ئاستی خێزان، خزم وهاوڕێیانەوە بۆ کۆمەڵی گەورەتر و تەنانەت بۆ ئاستی جیهانیش بەرینتر کردەوە، ئەوا شوناسیشیان گۆڕانی بەسەردا دێت.

خاڵێکی دیکە ئەوەیە، کە شوناس بارگاوییە بە هەست. بۆ نموونە، کاتێک کەسێک هاوکات خاوەنی شوناسی نەتەوەیی و ئایینی و ڕەگەزی و زمانی بێت، بێگومان ڕەفتاری وای لێدەبینرێت، کە جیاواز بێت لە ڕەفتاری ئاقڵانە و لە ڕووی هەست و سۆزەوە بێت (Barrett et al. 2004:159).

**٣.٢. تێروانینی کۆمەڵناسی سەبارەت بە شوناسی نەتەوەیی**

لە ڕوانگەی ئەنتۆنی دی سمێسەوە، لە بنەڕەتدا تیۆرەکانی نەتەوە و ناسیۆنالیزم لەگەڵ سێ پرسدا مامەڵە دەکات. یەکەمیان، پرسی ئەخلاقی و فەلسەفییە؛ دووەم، پرسی ئیتنۆگرافی و سیاسییە؛ سێیەم، پرسی مێژوو و کۆمەڵناسییە. سەبارەت بە پرسی یەکەم، ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ کە ئایا نەتەوە بۆ خۆی ئامانجە، بەهایەکی ڕەها هەیە وەک بەهاکانی دیکە، یان پرسێکی تایبەتتر لەوانە؟ بۆ پرسی دووەم، پێناسەی بەکۆمەڵایەتیبوون نەتەوە دەوروژێنێت. پەیوەندی تاک و کۆمەڵ لەم نێوەندا چ جۆرە پەیوەندییەکە؟ ئایا نەتەوە لە بنچینەدا تایبتمەندییەکی ئیتنیکی کولتووری هەیە و کۆمەڵگەیەکی لەسەر بنەمای ڕەچەڵەک، کە پێکەوە لە نێو بازنەگەلی خزمایەتیدان و لە مێژوو و زمانی هاوبەشدا پێکەوە بەستراونەتەوە، یان گرووپی گەورەی سیاسی و کۆمەڵایەتین لەسەر بنەمای ئینتیما و گیرسانەوەی تاکەکان ئازادانە بڕیار دەدەن و پەیوەندی بە شوێنگەی نەتەوەوە هەیە لە مێژووی مرۆڤایەتییدا.

لێرەوە مشتومڕەکە لەسەر ئەوەی کە ئایا نەتەوە کۆمەڵێکی دێرینە، هەر هەبووە و لە قۆناغگەلی جیاوازدا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، یان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، سازکراوەیە و بەرهەمی سەردەمێکی دیاریکراوە. مشومڕەکە لە بنەڕەتدا مێژوویەکی درێژتری لە پەیدابوونی نەتەوە و ناسیۆنالیزم بە واتا مۆدێرنەکەی هەیە، مێژوویەک کە لانیکەم لە سەر هەڵدانی سەردەمی ڕۆشنگەری، شۆڕشی فەڕەنسی و پیشەسازییەوە تا هەنووکە درێژەی هەیە (هەورامان & موراد ، ٢٠٢٤: ٢)

هەروەها لە لایەکی دیکەوە، ئەوانەی هەمان بیرۆکەی دۆرکهایمیان هەیە وەک مێرگی، پرسی نەتەوەیی لە دەلاقەی پەیوەندییە جۆراوجۆرەکانی وەک ڕەچەڵەک و ئیتنی، خوێندنی مەدەنی و ئەخلاقی، دروشمەکان، سیمبولە نەتەوەییەکان، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و یەکڕیزییەوە دەبینن. ئەمیل دۆرکهایم کۆمەڵناسی فەڕەنسی، نەتەوەی بە جۆرێک لە کۆمەڵگەی سیاسی و بەرهەمی واقعی کۆمەڵایەتی ناوزەد دەکرد، بە چەشنێک کە کۆمەڵگە خاوەنی نەتەوەی خۆیەتی. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر هەڵێنجان بۆ چەمکی نەتەوەسازی بکەین لای دۆرکهایم، چەمکی هاوڵاتیبوونە، بۆیە چەمکی هاوڵاتیبوون لای دۆرکهایم گرنگە، چونکە گواستنەوەی کۆمەڵگەیە لە نەریتییەوە بۆ مۆدێرن، واتە لە هاوبەستەیی میکانیکییەوە بۆ

ئۆرگانیکی، پەیوەندییە خوێنییەکان لەسەر بنەمای خوێن و ڕەچەڵەک، بە جۆرێک پەیوەندی دەدەن لەسەر بنەمای بەرژەوەندی و پێویستی هاوبەش. واتە لە جۆری دووەمدایە، کە پەیوەندییەکە لەسەر بنەمای هۆشیاری و تێگەیشتنی تاکەکان (هەورامان، ٢٠٢٤، ٣٧-٤٠).

لەبەر ئەمەیە لە سەردەمی مۆدێرنە، ئەو بزووتنەوە و هێزە نەتەوەییانە کە باڵیان بەسەر جیهاندا کێشا، پێشبینی ئەوەیان کردبێت کە ناسیۆنالیزمیش وەک ڕێباز و ئایدلۆجیاکانی دیکە لە بەرانبەر سەرمایەداری و مۆدێرنێتەدا (مارکس گوتەنی)، دەبێت بە هەڵم و بە هەودا دەچێت. هەر سەبارەت بەم پرسە، لای بەشێک لە دەسەڵاتدارانی کورد لە هەرێمی کوردستان کە لە شاخ بوون لە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێری و چەکداری بەشداربوون و لە پێناو ناسنامەی نەتەوەییە لە شاخەکان گیرسابوونەوە، بەڵام ئەم ڕەوشە دوای ساڵی ٢٠٠٣، دوای دەرکەوتنی نەوت و بازرگانی و زۆربوونی پارە لە هەرێمی کوردستان، پرسی شوناسی نەتەوەیی فۆرمێکی جیاوازتری وەرگرت. ئیدی گرووپێکی بازرگان و دەستڕۆیشتوو لە نێو حیزبە سیاسییەکان و دەسەڵاتداران لە هەرێمی کوردستان پەیدابوو.

ئەم گرووپە بازرگان و دەوڵەمەند و دەستڕۆیشتووانە، پەیوەندییان لەگەڵ دەرەوەی وڵات هەیە و سەرمایەکانیان زیاتر لە دەرەوە دەنوێنێ، دوای دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکەوێت و بەرژەوەندییەکانی خۆی پێ لە بەرژەوەندیی گشتی گرنگترە، بەرژەوەندی تایبەتی لە سەرووی بەرژەوەندی گشتی دادەنێت! لە کارەکتەری خۆیدا نیشتمانی نییە. ئەو چینە لە کوردستان گرووپێکن، کە لە ناو پێکهاتەی کۆمەڵگە خاوەن دەسەڵاتن، خاوەنی سەرمایە و وەبەرهێنانن، هەروەها ئەو بازرگانانەی کە دەسەڵات پاڵپشتیان دەکات، هاوبەشن لەگەڵ دەسەڵاتداران لە بازرگانیکردن و هاوردەکردنی کاڵای بیانی. هەروەها، ئەو بازرگانانەن کە وەبەرهێنان لە بواری نەوت و نیشتەجێبوون و هاوردەکردنی کاڵای بیانیدا دەکەن.

هەندێکیشیان پاشماوەی سەرۆک خێڵ و ئاغا و میر و دەرەبەگەکانن، بەشدارن لە پرۆسەی سیاسی و حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان، سوودمەند بوونە لەو دۆخە. ئەو ڕەوتە، ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر کاڵکردنەوەی شوناسی نەتەوەیی دروست کرد، لە پێناو خۆ دەوڵەمەندکردنەوە و مانەوەیان لە دەسەڵات و قایمکردنی پێگەکانیان، پرسی نەتەوە و ناسۆنالیزم بە چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە دەفرۆشنەوە. ئەم دۆخە، قسەکەی مارکسمان بیر دەخاتەوە کە دەڵێت، "سەرمایەداریی، پرسی نەتەوە دەکات بە هەوادا." (خدیجە، ٢٠٢٣: ٨٢)

**٤.٢. تایبتمەندییەکانی شوناسی نەتەوەیی لە کۆمەڵگەی ڕاگوزەردا**

١. کردەی کۆمەڵایەتیی تاک و گرووپەکان، لە باگگراوەندی خێڵەکی ڕەنگی داوەتەوە. ئیدی شوناس و خەبات لە پێناو مانەوەدا گەلێک جار بوونەتە مایەی ئەوەی بونیادە نەریتییەکان، بە بەهانەی بەرگریکردن لەو شوناسە و بوونی دوژمنی دەرەکی، بوون و شەرعییەتی خۆیان درێژبکەنەوە. ئەمەش لە نیوەی یەکەمی حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوو و دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١، زۆر بە زەقی بەرچاو دەکەوێت، کاتێک بونیادە نەریتییەکانی وەک پەیوەندییە خێڵەکییەکان، لە ڕێگای سیستمی سیاسییەوە هەژموونی خۆیان بەدەست دێننەوە.

sjh@univsul.edu.iq

٢. نووخبەی نوێ، یان هێزە تەقلیدییەکانی کورد، نەیتوانیووە واز لە ئینتیمای ئاینی و کۆمەڵایەتی و خێڵەکییە دواکەوتووەکانیان بهێنن و ئینتیمای بۆ نەتەوە ناسنامەی نەتەوە بێت، کە ئەمە بۆ خۆی ئەرکێکی گەورە و لە پێشنینەی هەر گرووپێکی کۆمەڵایەتی ناسیۆنالیست و هەر بزووتنەوەیەکی خاوەن ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیستە.

٣. بەو پێیە حیزب، فۆرمێکی نوێ و ڕێکخستنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دونیای مۆدێرنەیە، دەیتوانی لەبری لاوازکردنی ناسنامە و ئینتیماکانی لە نەتەوە بچووکتر، مانایەکی نوێ بە بوونی شوناسی نەتەوە بدات، بەڵام سەرکردایەتی سیاسی کورد، سەرکردایەتییەکی نەریتییە؛ نەیتوانیوە وەکو حیزبێکی سیاسی و نەتەوەیی، قورسایی خۆیان لەناو حیزبێکی سیاسی مۆدێرن دەربخەن.

٤. یەکێک لە خەسڵەت و سیمای کۆمەڵگە ڕاگوزەرکان لە باری شوناسی نەتەوەیی، گواستنەوەی خەبات و بزووتنەوە و چالاکییەکانە لە چەکدارییەوە بۆ خەبات و بزووتنەوەی مەدەنیی. ئەمەش بۆ خۆی هەنگاوێکی گرنگە بۆ دوورخستنەوەی دەسەڵات و پێگە و عەشیرەت و دین لە شوناسی نەتەوەیی، هەروەها لە ناوچوونی سەرکردایەتییەکی تەقلیدیی.

٥. هەرچەندە کۆمەڵگەی کوردیی تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام بە بڕوای هانتینگتون لە پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆندا، پارتە سیاسییەکان لە ڕێگەی پشتگیریکردن لە دامەزراوەکان و بە هێزکردن و ڕێکخستنی بەشداریی سیاسیی ڕۆڵی تەواوکاری دەگێڕن. سیستمەکانی خاوەن پارتی سیاسی بەهێز، لە پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆنی سیاسیدا، سەقامگیرترن. یەکێک لە هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆن لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو یان ڕاگوزەر، دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی پارتی سیاسیی بەهێز. چونکە پارتە سیاسییەکانی ئەم کۆمەڵگەیانە، زۆربەی ئەم پارتانە، پارتی تاکەکەسین و سەرکردە ڕۆڵێکی سەرەکی لەناو پارتەکان دەگێڕن. تەنانەت کۆکردنەوەی جەماوەریش لەسەر بنەمای نەتەوەیی و نیشتمانی کەمە، زۆرتر لەسەر فاکتەرەکانی نەژاد، ئایین، زمان، ناوچەگەرایی، خێڵگەرایی، ئەنجام دەدرێت. گشت ئەم هۆکارانەش دژی پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆنن.

٦. یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی ڕاگوزەر، کەسایەتییەکی مۆدیرنە لە ڕووی پۆشینی جل و بەرگ و بیناسازی و مۆدێلی ئۆتۆمبیل و کەرەستەی بیناسازی و مۆڵ و مۆدیل و چەندین فۆرمی تری ماددی مۆدێرنە کە هەیە، بەڵام لەسەر ئاستی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتەوە وەک کەسێکی کلاسیکی هەڵس و کەوت دەکات، تەنانەت ئەو کەسانەی کە خۆشیان بە عەلمانی و لیبراڵ نیشان دەدەن. بۆیە، توێژەران لە میانەی لێکۆڵینەوەکانیان تێبینی ئەوەیان کردووە، کەوا کە کەسێتی کوردیی بارگاوییە بە چەندین فۆرمی کەسێتی، لە نێوان ترادیشن و مۆدێرنەدا ناسنامەی دیار نییە.

٧. خاڵێکی تر بۆ توێژەران ئەوە بوو، زۆربەی گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بە ڕێگای خێڵ و عەشائیریی یەکلا دەکرێنەوە. تەنانەت بەشداری لە پرۆسەی سیاسی و حوکمڕانی، بە پێی پێوەرەکان و باکگراوندی خێڵەکییە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کەوا کۆمەڵگەی کوردیی لە قۆناغی ڕاگوزەریدایە. (خدیجە، ٢٠٢٣: ٨٢)

**٥.٢. کورتە مێژوویەک دەربارەی ناسیۆنالیزمی کورد لە بزووتنەوە کوردییەکان**

ئارنست گێڵنەر لەبارەی ناسیۆنالیزمەوە باوەڕی وایە، کە پرەنسیپێکی سیاسییە، هەوڵی ئالوودەکردن و پێکەوە گونجاندنی یەکەی سیاسی و یەکەی نەتەوەیی دەدا. هاوکات ناسیۆنالیزم توانای گۆڕین و داهێنان و دووبارە دروستکردنەوەی کولتووری هەیە، تەنانەت ئەو کولتوورە وەردەگرێت کە پێشتر هەبووە، ئەوجا دەیگۆڕێت بۆ نەتەوە، لە هەندێ کاتدا ئەو کولتوورە چێ

دەکا. لەم سەردەمەدا، دونیا گڵۆبالیزمی بەخۆیەوە بینیوە، بۆیە ناسیۆنالیزم وەك خەبات و بەرخۆدان و ڕزگاربوونی ژێردەستەیی و سەربەخۆیی هەژمار دەکرێت. دواجار، کەسانی ناسیۆنالیست لە خەمی دروستکردنی دەوڵەت و سەربەخۆییدان، سەربەخۆیی ناسنامە و شوناس. ناسیۆنالیزم و دەوڵەت، ڕۆڵی چارەنووسساز و کاریگەریی بەهێزی هەیە، لە ئاڕاستەکردنی ڕووداوە جۆراوجۆرەکانی دونیا، وابەستەی تەواوی سێکتەرە جیاوازەکانە، زۆربەی ڕووداو و پێشهاتە سیاسی و ئابوورییەکان دەستی ناسیۆنالیزمیان بەرکەوتووە (زامدار، ٢٠١٧: ٢٣).

هەر لەبەر ئەوەیە، ناسیۆنالیزم و دەوڵەت گرێدراوی یەکن. ناسیۆنالیزم گوزارشت لە دەوڵەت دەکات و دەوڵەت ئەنجامی ئەرێنی ناسیۆنالیزمە، واتە هەموو بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی، ئامانجی دروستکردنی دەوڵەتە، ئەگەر ئەو ئامانجە نەبوو، ناچێتە چوارچێوەی دەوڵەتەوە. ناسیۆنالیزم، بیر و هەست و ویستێکە، مرۆڤ بەشێوەی جیاواز و جۆراوجۆر دەیدرکێنن، بەمەبەستی دیاریکردنی شوناس و ناسنامەی خۆی، ئەوەش لە ئەنجامی دەوڵەتەوە بەدەست دێت. (زامدار، ٢٠١٧: ٢٣).

بۆیە، ناسیۆنالیستەکان مەیلیان هەیە بۆ پێناسەکردنی شوناسی نەتەوەیی لەسەر بنەمای پێوەرە بابەتییەکانی وەک وڵاتی لەدایکبوون، ڕەگەز، ڕەچەڵەک و زمان، لە کاتێکدا نیشتمانپەروەریی پێوەرە بابەتییەکانیش لەبەرچاو دەگرێت و بە ڕەخنەییەوە سەیری مێژووی نەتەوەیی دەکات و ڕێگە بە ناڕوونی دەدات سەبارەت بە سنوورە نەتەوەییەکان (Blank and Schmidt 2003; Kosterman and Feshbach 1989). لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییە، کە پەیوەندییەکانی نێوان ئەم سێ چەمکەیان تاقیکردەوە، دەریانخست کە شوناسی نەتەوەیی پەیوەندییەکی ئەرێنی بەهێزی لەگەڵ هەردوو نیشتمانپەروەری و ناسیۆنالیزمدا هەیە (Blank and Schmidt, 2003).

لەم چوارچێوەیەدا ڕەگ و ڕیشەی ناسیۆنالیزمی کوردی، دەگەڕێتەوە بۆ شاعیری ناسیۆنالیست ئەحمەدی خانی (١٦٥١-١٧٠٧). ئەو بەیەکەم کورد هەژمار دەکرێت، کە لەبارەی نەتەوایەتی و سازکردنی دەوڵەتی کوردی لەڕێی نووسین و شیعر و داستانەوە دواوە و لە داستانی "مەم و زین"دا، لە ساڵی ١٦٩٥ نووسراوە، لەڕێی ئەڤین و خۆشەویستی و جوانی و پاکی، هاوکاران و دژان، باسی سەردەمی خراپی خۆی دەکات و وێنای دەوڵەت دروستکردن نیشان دەدا. ئەمەش، وابەستە بە هەستی ناسیۆنالیستی و کوردایەتیی و نیشتمانپەروەرییەوە، ئەم داستانە لە دوای ئازار و ئەشکەنجەدانی کوردان نووسراوە (زامدار، ٢٠١٧: ٤٤).

هەر لەم بارەیەوە جەمال نەبەز دەڵێت، هەوڵدانی کورد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی مەزن، دەگەڕێتەوە بۆ پێش نووسینی کتێبەکەی (خواجە سەعدەدین ١٥٣٧-١٥٩٩)ی موفتی دەوڵەتی عوسمانی و مامۆستای سوڵتان مورادی سێیەم، هەوڵەکانی مەلا ئیدریسی بەدلیسی کە لە (١٥٢٠)دا مردووە، هەروەها ئەحمەدی خانی. پاشان دەڵێت، هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ناسیۆنال لە لای کورد بە کردەوە لە سەدەی هەژدەوە دەستی پێکردووە و لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا گەیشتووەتە پلەی خەباتی چەکدارانەی ڕێکخراو، کاتێک میرەکانی کوردستان (بابان، سۆران، بادینان، ئەردەڵان و بادینان و بۆتان) کەوتنە هەڵایساندنی ڕاپەڕین و بە یەکداداان لەگەڵ دەوڵەتەکانی عوسمان و ئیرانیدا (جەعفەر، ٢٠١٣: ١٣٦).

بۆیە، نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەش لە مێژووی نوێی کورددا، یەکێکی ترە لەو ماوە مێژووییانەی کە ژمارەیەک لە نووسەران و توێژەرانی کورد و بێگانە پێیانوایە بناغەی ناسیۆنالیزمی کوردی تێدا دانراوە، یان ڕاپەڕینە چەکدارییەکانی میرەکانی کورد لەو ماوە مێژووییەدا بەسەرەتای دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی کوردی بەرەخسێنیت. لەم بارەیەوە جەلال تاڵەبانی

sjh@univsul.edu.iq

پێی وایە، ناسیۆنالیزمی کوردی بە شێوازە سەرەتاییەکەی و بزووتنەوەی ڕزگاری نەتەوەیی کورد (وەک سەرەتای دروستبوون و دەرکەوتن) لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا سەریهەڵداوە، دواتر وورده وورده ڕواڵەتەکانی وەک دیاردەیەک بە ڕوونی دەرکەوتن، کە ڕەنگدانەوەی هۆشیاریی نەتەوەیی پێوە دیاربووە، بە جۆرێک کە خەباتی کورد دژی عوسمانییەکان سروشتێکی ناسیۆنالیستانەی بەخۆوە گرت. بەو سیفەتەی ئەم خەباتە دژی چاوتێبڕینی بێگانە و بەرگریکردن بووە لە جۆرێک لە سەربەخۆیی نەتەوەیی، بەڵکوو لەبەر ئەوەش کە ئەم تێکۆشانە ناوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتی هەبووە. دکتۆر عەزیز شەمزینیش سەرجەم ڕاپەڕینەکانی سەرەتای سەدەی نۆزدە، تا جەنگی یەکەمی جیهان بە جووڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانی (کوردستان) ناو دەبات و بڕوای وایە تێکڕای ئەو ڕاپەڕینانە نیشاندەری ڕووخساری نەتەوەیی کوردن. بە پێی تیۆری ناسنامەی کۆمەڵایەتی و هەروەها میلنگن دەڵێت، ڕووداو و پێشهاتەکانی سەدەی نۆزدە سۆزی نەتەوەیی کوردیان بە باشترین شێوە دەرخست.

ئیدی ئەم چالاکی سیاسی و نەتەوەییانە بەردەوام دەبێت، تاکوو دەبێتە هەوێنی لە دایکبوونی یەکەمین حیزبی ناسیۆنالیستی لە باشوور بە ناوی "هیوا" و ڕاپەڕینەکانی بارزان. هەروەها، ڕاپەڕینەکانی شێخ سەعیدی پیران، ئاگری و دەرسیم لە باکووری کوردستان. بۆیە، بە بڕاوی ئێمە هەموو ئەو ئەزموونانە، بەسەر بیری ناسیۆنالیزمی کوردیی لەسەردەمی قازی محەمەد کاریگەربوون. ئیدی لەسەردەمی قازی محەمەد وەرچەرخانێکی گرنگ لە مەسەلەی شوناسی نەتەوەیی ڕوویدا، ئەویش پێکهێنانی حزبێکی سیاسی بووە بە ناوی "حیزبی دیموکراتی کوردستان،" کە حیزبێکی سیاسی خاوەن بەرنامە و پرۆژەی کوردی لەسەر بناغەی ژێکاف دامەزرێنرا (جەعفەر، ٢٠١٣: ١٣، ٣١٣).

مەلا مستەفا بارزانی لە ساڵی ١٩٤٣، لە زیندانی سلێمانی ڕادەکات و شەڕی دژی ئەرتەشی عێراق لە ساڵی ١٩٤٥ ڕێبەری دەکات. بە دوایدا، لەگەڵ بارزانییەکان دەچن بۆ شاری مهاباد لە کۆماری مهاباد، بەشدار دەبێ و پلەی ژەنەڕاڵی پێ دەبەخشرێت. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە، کەوا بۆ یەکەمجار دەبێت کوردەکان لە مەڕ پرسی نەتەوەیی هاوسۆز بن، هەرچەند بارزانی زیاتر وەکوو ڕێبەرێکی مەزنی کورد ناسرابوو، بەڵام سیاسەتووان نەبووە، بەڵکووو بیری نەتەوەیی زیاتر بە ئاراستەی کەسیی بردووە (کریس، ٢٠١٨: ٥٦).

هەر لە باری دروستبوونی بزووتنەوەی کورد لە شەستەکان و حەفتاکان، ئەم بزووتنەوەیە بە ڕێبەرایەتی دوو پارتی سەرەکی بوون، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان. لە دەرەنجامدا، ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ی لێکەوتەوە. هەرێمی کوردستان چووە قۆناغێکی نوێ سیاسییەوە و لە ساڵی ١٩٩٢ بووە خاوەنی حکومەت و پەرلەمانی خۆی، هەروەها حکومەتی کوردی پێکهات. ئابووریی کورد تا ڕادەیەک ویران بوو. نوخبەی ئەوسای دەسەڵات، ململانێکانیان لەسەر دەروازە سنوورییەکان و قاچاغچییەتی و هاوکاری ڕێکخراوە مرۆییە بیانییەکان بوو. دەرئەنجامی ئەم دۆخە، سیاسی و ئابوورییە شەڕی ناوخۆی لێکەوتەوە (خدیجە، ٢٠٢٣: ٧٢).

**باسی سێیەم/ ناسنامەی کۆمەڵایەتی**

**١.٣. ئەزموونی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان-کوردستان**

سەبارەت بە شوناس، کاستێلس خۆی وەك نەتەوەپەرستێکی کەتەلۆنیایی هەژمار دەکات، لەبەر ئەوەی دۆخی کوردستان لە لایەنی شوناسەوە لەگەڵ هەرێمی کەتەلۆنیا لەیەك دەچن، پێمان باشبوو بۆ گوزارشتکردن لە شوناسی نەتەوەی بێ دەوڵەت

لەسەردەمی زانیاریدا، کە کاستێلس لە پرسی شوناس بۆ نەتەوەی بێ دەوڵەت باس لە کەتەلۆنیا دەکات، کوردستان وەك نموونە بهێنینەوە. زۆربەی سەرچاوە مێژوویی، ئارکیۆلۆژیی، ئەنترۆپۆلۆژیی، زمانەوانیی و تەنانەت ئەوانەی لە ئەتنۆگرافیای مرۆڤیان کۆڵیوەتەوە، ئەوە پشتڕاستدەکەنەوە کەوا هەزاران ساڵە کورد لەسەر ئەم خاکەی بە کوردستان ناسراوە، نیشتەجێیە. کوردستان دەکەوێتە ناو جەرگەی کەوانەی بە پیت (الهلال الخصيب Fertile Crescent) و بە یەکێك لە شوێنە هەرە گرنگەکانی لەدایکبوونی کشتوکاڵ و ماڵیکردنی ئاژەڵ لەسەر گۆی زەوی هەژمار دەکرێت. یەکەم نووسین لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کە بە مێخی (Cuneiform) ناسراوە، نزیکەی (٣٢٠٠ پ.ز) لە سیستمێکی سادەی ژمێرییارییەوە درووستبووە و هاتۆتە کایەوە. ئەم نووسینە، متمانەی کردۆتە سەر پولە قوڕینە، کە لە دەستپێکی شۆڕشی کشتوکاڵی (٨٠٠٠ پ.ز) پەیدابووە. پولە قوڕینەکان لە شوێنەواری چاخی نیۆلیستیك، چاخی بەردینی نوێ (١٠٠٠-  ٤٥٠٠ پ.ز) دۆزراونەتەوە، نەخشەی ئەم شوێنانە کە پولە قوڕینەکانی تێدا دۆزراوەتەوە، بە نزیکی بریتییە لە شوێنی نیشتەجێی کورد، نزیکی (١٤٥٠) پولەقوڕینە تەنها لە شوێنەواری چەرموو دۆزراوەتەوە. لێکۆڵەروان پشتڕاستیدەکەنەوە کە نووسینی میخی لە سیستمی پولە قوڕینەوە پەرەی سەندووە (سۆران، ٢٠٢٢: ٧).

بە سوودبینین لە ئاوی فورات و سیستمی ئاوەڕۆ، سۆمەرییەکان لە (میزۆپۆتامیا) کۆمەڵگەیەکی نوێی مرۆڤایەتی کە بە کۆمەڵگەی لۆکاڵی ناسراوە پێکهێنا. کۆنترین ئەو شارانەی سۆمەرییەکان لێی نیشتەجێبوون، (ئۆروك) و (ئەریدۆ)یە. لەبەر ئەوەی زمانی سۆمەری هیچ نزیکایەتییەکی لە گەڵ زمانە سامییەکان نییە، بە دوور دەزانرێ سۆمەرییەکان لە خوراوە هاتبن (أرنولد توينبي، ٢٠٠٤، ٨٠)، واتە پەیوەندییان بە تیرە سامییەکانەوە نییە. زمانی کوردی شێوەزاری (سۆرانی) لێکچوونی لەگەڵ زمانی سۆمەری کۆن هەیە، لەو بارەوە سۆران حەمەڕەش هەم لەلایەنی وشەسازی و هەم لە لایەنی ڕستەسازی و هەمیش ڕێزمانییەوە بەراوردی زمانی سۆمەری و کوردی سۆرانی کردووە و چەندین بەڵگەی خستۆتە ڕوو (سۆران، ٢٠٢٢: ١٠-٢٤). زمان توخمی سەرەکی کولتوورە، تەنانەت لە هەندێ باردا وەك شوناسی نەتەوە هەژمار دەکرێت، کاستێلس زمانی کەتەلۆنی وەك دینگەیەکی بەهێزی شوناسی کەتەلۆنیایی هەژمار دەکات، زمان و کولتوور بە بڕبڕەی پشتی شوناس دەناسێنێ (کاستێلس، ٢٠٠٧: ٤٧).

شار لەسەردەمی سۆمەر ئاوا کراوە و قۆناغێکی پێشکەوتووی هۆشیاری مرۆڤە، دۆزینەوەی کشتوکاڵ و داهێنانی نووسین و ماڵیکردنی ئاژەڵ، هەروەها یاساکانی حامورابی و تەنانەت یەکەم داستانی نووسراو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا (گلکامش) پێش داستانە گریکییەکان نووسراوە (نائل حنون، ٢٠٠٦: ٢٩)، کۆنترین پەرستگا گۆبێکلی تەپە (گرێ میرازان)، دەکەوێتە شاری ئورفە و مێژووەکەی بۆ (١٢٠٠٠پ.ز) دەگەڕێتەوە (سۆران، ٢٠٢٢: ٥٣)، ئەوانە بەڵگەی ئەوەن کوردستان لە کۆنتێکستێکی مێژوویدا پێشەنگ و لانکەی شارستانییەتی مرۆڤایەتی بووە.

لە گۆشە نیگای کۆمەڵناسییەوە، دەتوانرێ شوناسی هەر نەتەوەیەك بەو خەسڵەت و تایبەتمەندییە گشتییانەی هەیەتی لە نەتەوەیەکی دیکە جیا بکرێتەوە و پێناسە بکرێت. ئەو خەسڵەت تایبەتمەندییانە، لە خۆیانەوە نەهاتوون و لەسەروی گۆڕانیشەوە نین، بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانییان بەسەردا هاتووە. شوناسی نەتەوەیی، بابەتێکی مێژوویە و میتافیزیکی نییە. بۆیە، کە بمانەوێ شوناس دەستنیشان بکەین، دەبێ وەك بەشێك لە مێژوو و بارودۆخی ئەو کۆمەڵگەیە، وردبکرێتەوە و شیبکرێتەوە. هەموو کۆمەڵگەیەك پەیوەندی کۆمەڵایەتی هەیە و لە گۆڕانی بەردەوامیشدایە، هیچ شتێکی چەسپاو و نەگۆڕ لە ئارادا نییە. ژیانی کۆمەڵایەتیش پێویستی بە بوونی کۆمەڵێك بەهاو ڕێسا و داب و نەریت و ڕەفتاری هاوبەش هەیە، کۆی ئەوانە شەقڵ و مۆرکێکی تایبەتی ئەوتۆ دەداتە کۆمەڵگەکە، کە لە قۆناغێکی مێژووییدا پێی بناسرێ و جیا بکرێتەوە (أسماعيل،

٢٠١٠: ١٣-١٤). کورد یەکێکە لەو نەتەوە زیندووە بێ دەوڵەتانەی سەرەڕای هەموو ئەو قڕکردن و لەناوبردن و تواندنەوە (Assimilation)ەی بەسەریدا هاتووە، تا ئێستاش پارێزگاری لە شوناسی نەتەوەیی خۆی کردووە، بۆیە کوردستان دیاردەیەکی خەیاڵکرد نییە، بەڵکو بەرهەمی مێژوویەکی دووروو درێژە.

**٢.٣. بە کۆلۆنیاڵیکردنی هەرێمی کوردستان لەلایەن ناوچەکانی دەوورووبەرەوە**

کۆلۆنیالیزم دیاردەیەکی زۆر کۆنە، بەڵام کۆلۆنیالیزمی مۆدێرن چەندین تایبتمەندی هەیە، کە ئەو دیاردەیە لە شێوازەکانی دیکەی داگیرکاریی نەریتی جیاواز دەردەخەن. لە داگیرکاریدا، دەوڵەتی داگیرکەر تەنها دەسەڵاتی سەربازی و ئیداریی خۆی بەسەر وڵاتی داگیرکراودا دەسەپێنێ و پاش ماوەیەک ناچار دەبێ ئەوێ بەجێبهێڵێت، چونکە دەوڵەتەکانی دیکە دەوڵەتی داگیرکەر وەک خاوەنی وڵاتی داگیرکراو ناناسن. هەروەها، ئەندامانی نەتەوەی داگیرکراو، هیچ کات ڕەوایی بە داگیرکەر نادەن کە بۆ هەمیشە لەوێ بمێنێتەوە؛ لە کاتێکدا کە لە کۆلۆنیالزمدا سووژەیەکی بە کۆلۆنیکراو دەخولقێ، کە پێی وایە ئەو بارودۆخە هەمیشەییە، یان ڕزگاربوون زۆر دژوارە و ڕێی تێ ناچێ. هەر بۆیە، دەوڵەتی کۆلۆنیالیست سیستمێک دادەڕێژێ بۆ لکاندنی قووڵی هەموو لایەنەکانی ژیانی وڵاتی بە کۆلۆنیکراو بە وڵاتی کۆلۆنیالیستەوە؛ لە ئابوورییەوە بگرە هەتا سیستمی پەروەردە و سیستمی کارگێڕی و میدیا. هەموو ئەو سیستمەش بە مەبەستێکی ئابووری- ئەمنی، واتە بە مەبەستی تاڵانکردنی وڵاتی بە کۆلۆنیکراو و کەڵک وەرگرتن لە پێگەی جیۆپۆلەتیکی وڵاتی بە کۆلۆنیکراو دادەڕێژرێ (ئەیوب، ٢٠٢٣: ١٠٧-١٠٨).

بە تێڕوانین بۆ ئەم پرسە، ئاشکرایە کە کێشە نەتەوەییەکانی کورد لەم مێژووەی لانی کەم دەگەڕێتەوە بۆ دابەشکردنی خاکی کوردان لە نێوان سەفەوییەکان و عوسمانییەکان، لە ئەنجامی جەنگی چاڵدێرانی سەرەتای سەدەی شازدەی زاینیدا دەگەڕێنەوە. هەست و سۆزی کوردبوون، لانی کەم ئەوەی لە ڕێی نووسین تۆمارکراوە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەحمەدی خانی. بەڵام ئەوە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییە، کە کورد وەک گرووپێکی ئێتنی، لە نەتەوەکانی دراوسێی خۆی دوادەکەوێت، بەهۆی کۆمەڵێک فاکتەری ناوخۆیی، دەرکیی و ناوچەیی و بەر لەهەمووشیان جیۆپۆلەتیکی کوردستانەوە، دەرفەتی بە دەوڵەتبوونی لە دەستدا. ئەگەر هەر لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمیشدا بزاڤ و جوڵانەوە بۆ بەدەستهێنان و پاراستنی مافی کوردان سەریان هەڵدابێت، ئەوا ئەمە زیاتر دەرئەنجامی هەستکردنێک بووە بە کوردبوون و جیاوازبوون لەوانی دیکە، دوای تۆخبوونەوەی هەستی نەتەوایەتی لای نەتەوەکانی دراوسێ کورد و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی لە ناوچەکەدا، کە لە هەندێک ڕووەوە لەسەر حیسابی مافە نەتەوەییەکانی کورد بووە، مافە پێشێلکراوەکانی کوردیش دەبنە گرێیەک و کردنەوەی ئەو گرێیە و بەدستهێنانەوەی ئەم مافە زەوتکراوانە، دەبنە ئەرکێکی درێژی نەبڕاوە. لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمیشەوە، کوردایەتی وەک چەمکێک دێتە نێو ئەدەبی کوردییەوە و هەر خێرا لە ئەدەبەوە دەگوازرێتەوە نێو ئەدەبیاتی سیاسی و گوتاری سیاسی کورد و لە بری ناسیۆنالیزمی کوردی بەکاردەهێنرێت (ئیحسان، ٢٠٢٠: ٤٧).

لەو چوارچێوەشدا، گەڕان بە دوای شرۆڤەکردنی پەیوەندیی کورد بەو نەتەوە سەردەستانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، پێویستییەکی هەنوکەیی بواری ئەکادیمی و ناوەندەکانی توێژینەوەیە. ئیسماعیل بێشکچی یەکێکە لەو توێژەرانە، کە "کوردستان، کۆلۆنییەی نێودەوڵەتی" هێناوەتە ناو ئەدەبیاتی کوردی و پێی وایە کوردستان نەک هەر کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتییە، بە ڵکوو هەژموونی کۆلۆنیالیستەکانی کوردستان، زۆر دڕندانەتر و نامرۆڤانەترە لە کۆلۆنیالیزمی ئەورووپی (ئیبراهیم،٢٠٢٠: ١٢٦).

هەر بۆیە، لەسەردەمی ژێکافدا، ئەو بزووتنەوەیە تەواوی ئەو سنوورانەی ڕەتکردەوە، کە لەلایەن کۆڵۆنیالزمی بەریتانیا و ڕووسیا و ئەمەریکا بە هاوکاری دەوڵەتە ناوچەییەکان بۆ دابەشکردنی کوردستان وەک نیشتمانی نەتەوەیی کورد کێشرا. ئەم حاڵەتی دابەشبوون و پاشکۆیەتییە لە مێژووی سیاسی و ئیداری میرایەتییەکانی کورددا، لە سەرەتای سەدەی شازدەوە تاکو ئیستاش بەردەوامە. ئەم دابەشکردنەی کوردستان تەنها بۆ ئەو کاتە کارەساتێکی گەورە نەبوو، بەڵکوو کاریگەری خۆی بەسەر تەواوی ڕووداوەکانی دوا ڕۆژی مێژووی گەلی کوردیشەوە جێهێشت.

بە هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی، بزاڤی سیاسی و کولتووری کورد لە لایەن تورکەکانەوە کەوتبووە بەر پەلامار، کپ و بێدەنگ کرابوو. کاتێکیش شێخ مەحمود دوای جەنگ ڕێبەرایەتی جوڵانەوەی سیاسی کوردی لە باشووری کوردستاندا گرتە دەست، نەک تەنها بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کوردستان خراپ و دواکەوتووبوو، بەڵکوو ئایندە و داهاتووی سیاسی کوردیش وەکو نەتەوە ون و نادیاربوو. دیار نەبوو کە ئایا کورد وەکو نەتەوە لە کوێی هاوکێشە و ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی دوای جەنگ و دارشتنەوەی نەخشەی سنوورە سیاسییەکاندا جێگەی بۆ دەکرێتەوە. دیارنەبووە کە ئایا کورد لە قەوارەی دەوڵەتی تایبەت بە خۆیدا سەربەخۆ دەبێ، یان دابەش و پارچە پارچەی سەر سنوورە سیاسییە نوێیەکانی ڕۆژهەڵات دەکرێت. هەر بۆیە، باشوری کوردستان بە بێ ئەوەی زەمینەی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری بۆ ڕەخسابێت، ببووە ناوەندێکی گرنگی چالاکی سیاسی و کولتورییەکانی ناسیۆنالیزمی کورد. ئەو ڕووناکبیرانەی کوردیش کە زەبر و ستەمی ناسیۆنالیزمی شۆڤینی تورک ناچار بە گەڕانەوەی بۆ باشووری کوردستان کردبوون، سەرجەمیان نەچوونە پاڵ بزاڤی ناسیۆنالیزمی کوردی. بەڵکوو بەشێکیان بوونە لایەنگری بەریتانیا و بەشێکی دیکەیشیان چوونە پاڵ جوڵانەوەی سیاسی شێخ مەحموود (جەعفەر، ٢٠١٣: ٣١٠-٣١١).

ئەگەر شرۆڤەیەکی کۆمەڵناسی سیاسییانە بۆ پرسی شوناس لە ڕوانگەی کۆڵۆنیالیزمەکان بکرێت، وا تێدەگەین هەر چەند مرۆڤی کۆڵۆنیالست بانگەشەی ئازادی و یەکسانی و دیموکراسی و برایەتی بکات، زیاتر و زیاتر پەیوەندی کۆڵۆنیالیزم بەرهەم دەهێنێتەوە، پێکەوە ژیان و دیموکراسی و ئازادی لە نێو سیستەمی کۆڵۆنیالزم، زیاتر دۆگما دەبێت و گەشە ناکات. بۆیە، جیاوازی نییە ئەو ژینگەیە هی مرۆڤێکی کۆڵۆنیالیست، یان کۆڵۆنیالیزکراو بێت، لەم بارەیەوە فانۆن ئەوە لە بیر ناکات بڵێت، دەبێت تێگەیشتنەکانی بۆ سەرجەمی مرۆڤی کۆڵۆنیزەکراو درێژ بکرێنەوە. لەم ڕووەوە، ئەگەر سەیری ئەم پەیوەندییە بکەین، بۆمان دەردەکەوێت لە قووڵایی ناخی تاکی کورددا بەرانبەر بە توورکەکان و فارسەکان، گرێی هەستێکی گەورەی خۆ بەکەمبینیی ڕیشەی قوڵی داکوتاوە. ئەم پرسە، زیاتر کۆمەڵگە لە قاڵب دەدات و لە ڕاگوزەری دەیهاڵێتەوە.

### ٣.٣. کۆڵۆنیالیزمی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان- عێراق

هەندێک لە تیۆریستەکان، تیۆریی دژە کۆڵۆنیالییان بۆ نێوخۆی وڵاتەکانیش بەکارهێناوە. یەکێک لەو تیۆریستانە (مایکڵ هێشتر)ە، کە لە کتێبی خۆیدا بە ناوی (کۆڵۆنیالیزمی نێوخۆیی) پەراوێزی (کێڵتی لە گەشەسەندنی نیشتمانیی بەریتانیا)دا، وڵاتی بەریتانیا وەک سیستمێکی کۆڵۆنیالیستی باس کردووە. مایکڵ هێشتر دەڵێت، لەو وڵاتانەدا کە فرەنەتەوەیین، ئەو پەیوەندییانەی کە لە نێوان کۆڵۆنیالیستەکان و بە کۆڵۆنیکراوەکاندا هەبووە، لە کۆڵۆنیالیزمی نێوخۆییشدا بە هەمان شێوە، نەتەوەیەک بەسەر نەتەوەکانی دیکەدا زاڵ دەبێ و دەیانچەوسێنێتەوە. بۆ نموونە، لە بەریتانیا ئینگلیزەکان بەسەر سکوتلەند، ئیرلەند و وێڵزدا، زاڵبوون و ئەو وڵاتانەیان کردە بەشێک لە سیستمی پیشەسازی بەریتانیا، بەڵام بە جۆرێک کە هەم لە ڕووی ئابوورییەوە کەوتنە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا و هەم لە ڕووی کولتوورییەوە؛ بۆ وێنە زمانەکانی خۆیان کێڵتی بوون،

sjh@univsul.edu.iq

لە ناو چوون. هێشتر، لە چەمکێک کەڵک وەردەگرێ بە ناوی دابەشکردنی کولتووری کار. لە کۆڵۆنیالیزمی نێوخۆییدا، جۆرێک دابەشکردنی کولتووری کار هەیە، واتە هەر یەک لە نەتەوەکان بە کارێکی تایبەتەوە سەرقاڵ دەبن. بۆ نموونە، لە بەریتانیا ئینگلیزەکان خەریکی پیشەسازی و زانست بوون، بەڵام سکوتلەندییەکان و ئیرلەندییەکان بوون بە پاشکۆی سیستمی پیشەسازی ئینگلاند. بە گشتی، هێشتر پێی وایە لە وڵاتە فرەنەتەوەییەکاندا، پێکهاتەی کۆڵۆنیالیستی لەسەر بنەمای نەتەوەیی بە شێوازی سیاسی فۆرم دەگرێ و پەیوەندی ناوەند دەبێتە هۆی چەسانەوەی نەتەوە پەراوێزخراوەکان. واتە، تیۆریی (هێشتر) زۆر سیاسییە و لەسەر بنەمای پەیوەندیی دەسەڵاتی نایەکسان لە نێوان نەتەوەکان کە دەبێتە هۆی دابەش کردنی کار لە نێوخۆی وڵاتەکاندا، دامەزراوە (ئەیوب، ٢٠٢٣: ١١٤-١١٥).

هەر لەم بارەیەوە سەبارەت بە هەرێمی کوردستان و عێراق، کرۆکی ئەم بابەتە خۆی لە کولتووری ململانێی خەڵکی باشووری کوردستان، بندەستی عێراق و نەتەوەی سەردەستی عەرەب لە عێراقدا دەبینێتەوە. قسە لە ماهییەتی فیکریی ئەو ململانێیە دەکات، کە هەمیشە نابەرانبەر بووە، نەک هەر لە ڕووی چەندێتییەوە، بەڵکوو لە ڕووی چۆنایەتی و جۆری وتاری ڕووبەڕووبونەوەشدا. بۆیە، پرسیارەکان لە چوارچێوەی پەیوەندی کورد و عەرەبەدا خۆیان لەچەندین فۆرمی جیاوازدا دەبینێتەوە. ئایا بەڕاستی ئەوان داگیرکەر و کوردیش داگیرکراو بووە؟ ئایا ئەوان کۆڵۆنیالیست و کوردیش بە کۆڵۆنیکراو، یان تەنها شەڕی ململانێی سیاسی و سەربازی بووە لە سەر دەسەڵات و بەشداری سیاسی؟ دوای پرۆسەی داگیرکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣، هەل و مەرجێکی نوێ سەبارەت بە کوردستانی عێراق هاتە ئاراوە، کۆمەڵێک هاوکێشەی سیاسی نوێ سەریان هەڵدا، ئەم دۆخە و ڕەوشی ناوچەکە کاریگەری بەسەر پرسی نەتەوەیی کورد هەبووە، پرسی کورد لە پرسێکی سیاسی و نەتەوەییەوە بە ئاڕاستەی پرسێکی ئیداری و (قانونی) برد. چارەنووسی کوردستانیش بەرەو پارچە پارچە بوون و دابەشبوون ئاڕاستە کرد. نەخشە و بەرنامەی ئەمەریکا ئەوە بوو، بە شێوەیەکی زۆر خێرا کوردستان تێکەڵ بە عێراقی تازە بکات. هەرێمی کوردستان بکاتە پاشکۆی حکومەتی ناوەندی.

### ٣.٤. نەتەوەسازیی (پارتی دیموکراتی کوردستان - یەکێتی نیشتمانی کوردستان)

قۆناغەکانی سەرهەڵدان و جووڵانەوەی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا، هەوراز و نشێوی زۆری بەخۆیەوە بینووە. لە هەموو قۆناغبەندییەکان بە تایبەتی لە ڕووی سیاسییەوە گرنگە، بە دابەشکردنی دۆخی مێژوویی کوردستان بۆ پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین. دووهێزی سەرەکی (پارتی دیموکراتی کوردستان - یەکێتی نیشتمانی کوردستان)، دوو یاریکەری سەرەکی هەردوو قۆناغەکەبوون. بۆ نموونە، پارتی دیموکراتی کوردستان داوای ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و دیموکراسی بۆ عێراق کردووە. لە لایەکی ترەوە، یەکێتی دروشمی سەلماندنی مافی گەلی کورد لە ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینەدا، لە چوارچێوەی کۆمارێکی عێراقی دیموکراتی سەربەخۆدا، پەرەپێدا. ڕۆڵی ئەم دوو حیزبە لە پێش ڕاپەڕین چۆن بووە؟ کاتێک سەیری پرۆژەی نەتەوەیی دەکەین لای مەلا مستەفا بارزانی بە جۆرێک ڕۆیشتووە، لای جلال تالبانی بە جۆرێکی تر، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کەوا پرۆژەی شۆناسی نەتەوەیی بە ئاڕاستەی کەسەکان ڕۆیشتووە (هەورامان، ٢٠٢٤: ١٧١).

هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١، چووە قۆناغێکی نوێی خۆبەڕێوەبەری، بەڵام ئەم خۆبەڕیوەبەرییە زۆری نەخایاند، هەرێمی کوردستان کەوتە قۆناغێکی مەترسیدار. بۆیە، دوو ساڵ دوای یەکەم هەڵبژاردن و یەکەم کابینەی حکومەت، پارتی و یەکێتی، دوو هێزی سەرەکی بوون لە حکومەتدا، شەڕی ناوخۆیان دەستپێکرد. لە مانگی ٥ی ساڵی ١٩٩٤ شەڕی ناوخۆ هەڵگیرسا. نزیکەی (٢٠٠٠) کەس بوونە قوربانی لە هەردوولا. ئەو ململانێ و ناکۆکییە لە نێوان پارتی و یەکێتی نیشتیمانی

کوردستان، زاڵبوونی بەرژەوەندی تاکە حیزبی بەسەر بەرژەوەندی نەتەوەییدا، دەستوەردانی ڕاستەوخۆی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان لە کاروباری هەرێمی کوردستان. هەموو ئەمانە هەرێمی کوردستانی پەلکێشی شەڕی ناوخۆی کوردی کرد. ئەم ڕەوشە، ڕاستەوخۆ کاریگەری هەبوو بەسەر دۆخی سیاسی و مرۆیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی، ئەم دۆزە بە خراپی بەسەر کورددا شکایەوە (نەوزاد، ٢٠٠٩: ١١٢).

هەروەها لە نێوان ساڵانەی ١٩٩٨- ٢٠٠٣، بە دوو ئیدارەوە هەرێمی کوردستانیان بەڕێوە دەبرد، بە ناوی زۆنی سەوز و زۆنی زەرد. لە ڕۆژی ٢٠٠٣/٤/٩ دا، بە شێوەیەکی فەرمی ڕژێمی دەسەڵاتدار لە عێراق ڕووخا. بەمەش گۆڕانکاری نوێ هاتنە کایەوە، هەروەها گۆڕانی سیاسی دروست بوو. کاتێک ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی ڕژێمی عێراقیان ڕووخاند؛ بۆ کورد هەل و مەرجێکی دیکە دروست بوو، لەوەی کە هەرێمی کوردستان لە قۆناغی ئۆتۆنۆمی دەرباز بکەن. لە ساڵی ٢٠٠٥ دا، لە میانەی نووسینی دەستووری عێراقدا، کە هێزە کوردییەکانیش تێدا بەشداربوون، توانرا فیدراڵییەت لە سیستمی سیاسی عێراقدا جێگیر بکەن. لەم هەل و مەرجەدا، نوێنەرانی کورد توانییان هەرێمی کوردستان وەکوو هەرێمێکی فیدراڵ لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا بچەسپێنن. ئەوەتا دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ و بەدەستهێنانی بەشێکی گەورەی ئەو سەرکەوتنەی پرۆژەی کوردایەتی کاری بۆ دەکرد، سیاسەت و لەگەڵیشیدا خودی پرۆژەکە، دووچاری سەرگەردانی و بێدەرەتانییەکی گەورە بوویەوە لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا و بەمەش سامانێکی مرۆیی و سروشتی زۆر بەهەدەر درا. کوردایەتی چونکە ئەرکی سەرەکی بەرگریکردن بووە لە بوون و شوناسی گەلی کورد و هەموو لایەنەکانی دیکەی خودی کایەی سیاسیشی پشتگوێ خستووە، لە یەکەم ئەزموونی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ نواندنی ئەرکەکەی لە کۆمەڵگەیەکی ئاڵۆزتر لە کۆمەڵگەی نەرێتیدا، بێتوانایی و ناکارایی، یان لانی کەم کورتهێنانی خۆی لە ئەداکردنی ئەرکەکەی بە زەقی دەردەخات. بەمەش، ڕەوشێک بە تایبەتی لەسەر هەردوو ئاستی ڕێکخستن و کردەی کۆمەڵایەتی دێتە ئارا، بۆیە دەتوانین بڵێین درێژبوونەوە یاخود درێژکردنەوەی دۆخێکی ڕاگوزەرە بۆ زیاتر لە چارەکە سەدەیەک (ئیحسان، ٢٠٢٠: ٤٩-٥٠).

هەر لە بارەی حوکمڕانی و خۆبەڕێوەبەری کورد لە هەرێمی کوردستان، لە ساڵی ١٩٩١-٢٠٠٣ بە دۆخێکی تری ئابووری و سیاسی تێپەڕی، حکومەت و پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دروست بوو، هەرێمی کوردستان چووە قۆناغێکی تری ئابووری و سیاسی، لە ڕووی داهاتەوە دامەزراوە ناوخۆییەکان و لایەنە سیاسییەکان پشتیان بە داهاتی دەروازە سنوورییەکانی قاچاخچییەتی دەبەست، بە هۆی شەڕی براکوژی و ئابڵۆقەی ئابووری لە سەر عێراق و هەرێمی کوردستان، هەرێمی کوردستان بە دۆخێکی ئابووری زۆر سەخت تێپەڕ دەبوو. ئەم دابەشبوونی بزووتنەوە سیاسییەی کورد، وای کردووە کەمینەیەکی گەورە چاوی لە بەغدا بووە و لەم چوارچێوەیە خۆی بە عێراقی دادەنێت و بۆ مووچە و بژێوی ژیان چاوی لە بەغدادە. سەرەرای ئەوەش، هاوکاری سەربازی و ئەمنی عێراق دەکات، بژاردەی ئەو کەمینەیە پۆستی باڵاشی لە حکومەت وەرگرتووە و بەشداربووە لە حکومەت. هەمیشە ئەم باڵە بە جاش و خۆفرۆش ناوبراوە. هەر دووباڵی سەرەکی بزووتنەوەی سیاسی کوردی، هەمیشە یەکتریان بە خۆفرۆش تۆمەتبار کردووە. هەر ئەمەش وایکردووە، لە ڕێگەی ململانێوە لەگەڵ یەکتر، دەسەڵاتدارانی کورد نەتوانن ستراتیژییەتێکی نیشتمانیی نەتەوەیی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بەغداد بگرێتەبەر.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، دەسەڵاتی کوردی وەکو داگیرکەر ڕەفتاری لەگەڵ بەغداد نەکردووە. بەڵکووو بە پێچەوانەوە، دەسەڵاتدارانی کورد دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس گەڕانەوە بەغداد، ڕۆڵێکی بەرچاو و گرنگیان هەبووە لە بنیاتنانەوەی عێراق. ئەم پرۆسەیە وا دەردەکەوێت، کەوا دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان وەکو داگیرکەر تەماشای عێراق ناکەن.

sjh@univsul.edu.iq

ئیدی شوناسی نەتەوەیی لای بزووتنەوەی سیاسی کورد لە جیابوونەوە و سەربەخۆییە گۆڕا بۆ دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان. لە ژێر ئەم دروشمە، تاکی کورد خەونی بەسەربەخۆیی کوردستانەوە بینیووە. ئایا ئەم دروشمە لە گوتاری بزووتنەوەی سیاسی کوردی بۆ قۆناغێکی ڕاگوزەر بووە، بەهۆی ئەو فشارە ناوچەیەی لەسەر هەرێمی کوردستان لە لایەن دەوڵەتانی ناوچەکە هەیە، یان خودی دەسەڵاتدارانی کورد لە ژێر ئەم دروشمانە گرنگی بەسەرمایە و خۆدەوڵەمەندکردنی خۆیان و مانەوەیان لە دەسەڵات دەدەن (خدیجە، ٢٠٢٣: ٦٦).

هەر بۆیە، گەلی کورد لە خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوایەتیی خۆیدا، بێجگە لە هێزە دیموکراتەکانی وڵاتانی دراوسێ و لەسەرووی هەموویانەوە، هێزە شۆڕشگێرەکان، دۆست و هاوپەیمانێکی هەمیشەیی و بەردەوامی نییە. بە جۆرێکی تر بڵێین، تا ئەو کاتەی چینی دەرەبەگ و بورژوایی کۆمپرادۆر دەسەڵاتی بەدەستەوە بێت، مەسەلەی نەتەوایەتیی کورد بە تەواوی چارسەر ناکرێ. کەوایە، لەچوارچێوەی سیستمی سەرمایەدارییدا چارەسەرکردنی یەکجاریی مەسەلەی کورد لە باری سیاسیی و نەتەوایەتییەوە ئیمکانییەتی نییە. چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد بەستراوەتەوە بە پێشکەوتنی دیموکراتی و سۆسیالیزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا . لێرەدا، بە تەواوی قسە و بەیاننامە مێژووییەکەی حیزبی کۆمۆنیست ڕاست دەردەچێ کە دەڵێت، ئەو کاتەی چەوساندنەوەی ئینسان بە دەستی ئینسان کۆتایی هات، چەوساندنەوەی نەتەوەیەکیش بە دەستی نەتەوەیەکی تریش کۆتایی دێ (عبدالرحمن، ٢٠١٨: ٢٧٠).

**ئەنجامی توێژینەوەکە**

١. ئەو دابەشکارییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە، نەیانتوانیوە فۆرمێکی بەهێزی نەتەوەیی دروست بکات، دەرفەتی ئەوەی پێبدرێت زمان و کولتوور و خاک و مێژووی خۆی بە بەهێزی بهێڵێتەوە. دەگەینە ئەو خاڵەش، ئەو نەتەوانەی کۆلۆنیالیزمکراون، لە نێو ئەوانیشدا نەتەوەیەک یان چەندین نەتەوەی پەراوێزخراو هەن، لەوانەیە بە هۆی هەبوونی کۆمەڵێک هەل و مەرجی جیاواز ئەو بارودۆخە پەراوێزخراوە قبوڵ نەکەن.

٢. کورد ئەکتەرێکی تێکشکاو بووە، هەم بۆ خۆی و هەم بۆ عێراق نەیتوانیوە خۆی لەو دۆخە ڕزگار بکات، نە دەتوانێت ببێت بە عێراقی و نە هەل و مەرجەکان و بارودۆخیش دەرفەتی ئەوەی پێ دەدەن خۆی لە عێراق ڕزگار بکات.

٣. سیاسەتی "پەرتکە و زاڵبە،" باڵی بەسەر بزووتنەوەی سیاسی کوردی کێشا و تا ڕادەیەکیش ئەم سیاسەتە دەربارەی شوناسی نەتەوەی کورد لە هەرێمی کوردستان سەرکەوتوو بووە. دەوڵەتانی ناوچەکە، کەوا کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، هەموو هەوڵێکیان داوە هاوکاری یەکتربن بۆ هێشتنەوەی کورد لەو دۆخە دواکەوتووە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری و سەربازییەی تێی کەوتوون. لە ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان، ئەم سیاسەتە بەو پەڕی بێ مۆراڵی کۆلۆنیالیستەکان دەرکەوت.

٤. حیزبە دەسەڵاتدارەکانی هەرێمی کوردستان، کە خۆیان بە هەڵگری ناسنامەی کوردایەتی دەزانن لە دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان و ژیانێکی ئارام و باشکردنی بژێوی ژیان بۆ هاوڵاتیانی هەرێم، ڕووبەڕووی شکستێکی ڕێژەیی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی بوونەتەوە.

٥. هەریەک لە وڵاتانی دراوسێ، کەوا کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، زۆر بەئاسانی دەتوانن دەست لە کاروباری ناوخۆیی هەرێم وەربدەن و نەهێڵن یەکگرتوو و یەکڕیز بن و ئاژاوە بنێنەوە بۆ هەرێمی کوردستان. تەنانەت ئەگەر ژێربەژێریش بێت، بەشدار دەبن لەم پرسە، هەروەها هەر بۆ ئەم مەبەستە ڕیفراندۆم نموونەیەکی بەرچاوی ئەم پرسەیە.

**لیستی سەرچاوەکان**

**أ. سەرچاوەکان بە زمانی کوردی**


١. حەمەڕەش، سۆران، مێژووی بزر و نەگێردراوەی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی پێرمێرد، سلێمانی، ٢٠٢٢، ل ٧.

٢. حسن زادە، عبداللە، عبدالرحمن قاسملو، کوردستان و کورد، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٨، ل ٢٧٠.

٣. رحمان، خدیجە سعدی، بزاوتی چینایەتی لە کۆمەڵگەی ڕاگوزەردا، ماستەرنامە، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠٢٣، ل ٦٦.

٤. علی، جەعفەر، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٣، ل ١٣٦.

٥. قاضی، ئیسماعیل فتاح، کورد لە ئینسکولوپیدیای ئیسلامدا، و، حەمە کریم عارف، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٠، ل ١٣-١٤.

٦. کەریمی، ئەیوب، مێتاتیۆری، چاپی یەکەم، چاپخانەی زاگرۆس، مهاباد، ٢٠٢٣، ل ١٠٧-١٠٨.

٧. کریم، هەورامان فەریق ، کۆیادەوەری و نەتەوەسازی لە هەرێمی کوردستاندا، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلیژی ئاداب، تێزی دکتۆرا، هەولێر، ٢٠٢٤، ل ٣٧-٤٠.

٨. کریم، هەورامان فریق & محمد، موراد حکیم، ڕوانگەی کۆمەڵناسانی کلاسیک بۆ نەتەوە و پارادیمە سەرەکییەکانی سەبارەت بە ڕەگ و ڕیشەی کورد، گۆڤاری زانکۆ کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، ژمارە (٢) ٢٠٢٤، ل ٢.

٩. کۆچێرا، کریس، بزووتنەوەیی کورد و ویستی سەربەخۆیی، و: حەسەن رستگار چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٨، ل ٥٦.

١٠. مەلازادە، ئیبراهیم سادق، سیاسەت و کۆمەڵگە لە باشووری کوردستان، هەولێر، ئیینستیتوتی سیاسەتی گشتی، ٢٠٢٠، ل ١٢٦.

١١. هێتوتی، نەوزاد عەبدوڵا، دۆزی کورد لە عێراقدا میکانیزمەکانی چارسەرکردنی دوای ٢٠٠٣، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٩، ل ١١٢.

١٢. وەڵزی، ئیحسان، سیاسەت و کۆمەڵگە لە باشوری کوردستان، هەولێر، ئیینستیتوتی سیاسەتی گشتی ٢٠٢٠، ل ٤٧.


**ب. سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی**

١. أوكيريملي، أوموت ، القومية ونظرياتها، ت، محسن إمام مجلة تبينى، المركز العربي للأبحاث و دراسة الياسات، 2013، 137-138.

٢. توينبي، أرنولد، تاريخ البشريه، ت، نقولازياده الأهليه، للنشر والتوزيع، بيروت، 2004، 80.

٣. حنون، نائل، ملحمة جلجامش، دمشق، ط1، دارالخريف للنشر والتوزيع، 2006، 29.

٤. كاستيلس، مانويل، عصر اطلاعات: أقتصاد، جامعه فرهنگ (قدرت هويت)، ت، حسن چاوشيان، چ٥، تهران، انتشارات طرح نو، جلد٢، 2007، 47.

٥. هوبزبوم، أي جية ، الشعوب والقوميات منذعام 1780، ت، مصطفى حجاج، هيئة أبوظبي، للسياحة والثقافة، 2013، 24.

**ج. سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی**

1. Anderson, B. (2006). Imagined Communities. London, New York: Verso.
2. Barrett, M. (1996). English children’s acquisition of a European identity. In G. L. Breakwell & E. Lyons (Eds.), Changing European identities: Social psychological analysis of Butterworth-Heinemann. social change (pp. 349–369). Oxford:
3. Barrett, M. (2005). National identities in children and young people. In S. Ding & K. Littleton (Eds.), Children’s personal and social development (pp. 181–220). Milton Keynes: The Open University/Blackwell.
4. Barrett, M., & Davis, S. C. (2008). Applying social identity and selfcategorization theories to children’s racial, ethnic, national and state identifications and attitudes. In S. M. Quintana & C. McKown (Eds.), Handbook of race, racism and the developing child (pp. 72–110). Hoboken: Wiley.
5. Barrett, M., Lyons, E., & del Valle, A. (2004). The development of national identity and social identity processes: Do social identity theory and self-categorization theory useful heuristic frameworks for developmental research? In M. Bennett & F. Sani (Eds.), The development of social self (pp. 159–188). Hove: Psychology.
6. Blank, T., & Schmidt, P. (2003). National identity in a united Germany: Nationalism or patriotism? An empirical test with representative data. Political Psychology, 24(2), 289–312.
7. Giddens, A. (1987). The nation-state and violence. California University Press
8. Kosterman, R., & Feshbach, S. (1989). Toward a measure of patriotic and nationalistic attitudes. Political Psychology, 10(2), 257–274.

**Abstract**

Identity is directly related to people's understanding of "who" they are, "what they are" and what matters to them. This understanding is linked to a number of characteristics that make one person different from another, one nation from another. The concept of national identity is a relatively new phenomenon in political and social science, which dates back to the formation of the nation-state in Until this historical event, political identities were usually defined within the framework of tribes, regions, groups, and religions, and at a more general level, under the names of empires and nations. Some studies of Kurdology indicate that Kurdish society is in a transitional period. For any sociological researcher, if he looks closely at the structure, movement and current social situation of Kurdish society, he will see some of the signs of this transition. For example, after the 1991 uprising, the Kurdistan Region entered a transitional phase in two situations. The first is the de facto-order situation, which lasted from 1991 to the second situation is the constitutional situation, which has been in place since 2003 within the Iraqi state.

That is why this study focuses on this important issue, national identity in a transitional society. The issue of nation and identity is a sensitive and important issue in the Middle East, especially in transitional and decolonized societies. In this paper, we will focus on theories on the issue of colonized nations, such as Kurdish society. Therefore, through sociological and political theory, we want to talk about stateless nations. There are many different ways and mechanisms for these nations to internationalize their national issues, especially now that we are in the era of technology and artificial intelligence. For this purpose, the study will be conducted using comparative and historical methods. This study also seeks to answer the questions: What is identity? What is the stage of Kurdish nationalism? Is the previously legitimate identity in crisis?

**Keywords: nation, national identity, nationalism, transitional society, stateless nation**

sjh@univsul.edu.iq

**ملخص الدراسة**

الهوية ترتبط ارتباطًا مباشرًا بفهم الناس لـ "من" هم، و "ما هم" وما الذي يهمهم. يرتبط هذا الفهم بعدد من الخصائص التي تجعل شخصًا مختلفًا عن شخص آخر، وأمة مختلفة عن أمة أخرى. يعد مفهوم الهوية الوطنية ظاهرة جديدة نسبيا في العلوم السياسية والاجتماعية، ويرجع تاريخها إلى تشكيل الدولة القومية في وحتى هذا الحدث التاريخي، كانت الهويات السياسية تُعرَّف عادة في إطار القبائل والمناطق والجماعات والأديان، وعلى مستوى أكثر عمومية، تحت أسماء الإمبراطوريات والأمم. تشير بعض الدراسات في علم الكردولوجيا إلى أن المجتمع الكردي يمر بمرحلة انتقالية. وإذا نظر أي باحث اجتماعي عن كثب إلى بنية المجتمع الكردي وحركته والوضع الاجتماعي الحالي، فإنه سوف يرى بعض علامات هذا التحول. على سبيل المثال، بعد انتفاضة عام 1991، دخلت منطقة كردستان مرحلة انتقالية في حالتين. الأول هو حالة الأمر الواقع التي استمرت من عام 1991 إلى عام 1998. أما الوضع الثاني فهو الوضع الدستوري القائم منذ عام 2003 داخل الدولة العراقية.

ولهذا السبب تركز هذه الدراسة على هذه القضية المهمة، وهي الهوية الوطنية في المجتمع الانتقالي. إن قضية الأمة والهوية قضية حساسة ومهمة في الشرق الأوسط، وخاصة في المجتمعات الانتقالية والمجتمعات التي خرجت من الاستعمار. وفي هذه الورقة سوف نركز على النظريات المتعلقة بقضية الأمم المستعمرة، مثل المجتمع الكردي. لذلك، ومن خلال النظرية الاجتماعية والسياسية، نريد أن نتحدث عن الأمم عديمة الجنسية. فهناك العديد من الطرق والآليات المختلفة التي تستطيع هذه الأمم من خلالها تدويل قضاياها الوطنية، خاصة وأننا نعيش في عصر التكنولوجيا والذكاء الاصطناعي. ولتحقيق هذه الغاية سيتم إجراء الدراسة باستخدام المنهج المقارن والتاريخي. وتسعى هذه الدراسة أيضًا إلى الإجابة على الأسئلة التالية: ما هي الهوية؟ ما هي مرحلة القومية الكردية؟ هل الهوية الشرعية السابقة أصبحت في أزمة؟

**الكلمات المفتاحية: الأمة، الهوية الوطنية، القومية، المجتمع الانتقالي، الأمة عديمة الجنسية**

sjh@univsul.edu.iq